## کەژاڵ ئادەمی بۆ گوڵان:

# هەمیشە وەک هونەرمەندێکی سەربەخۆ کارم کردووە

**لەم دیمانەیەدا خانمە هونەرمەند کەژاڵ ئادەمی وەڵامی چەند پرسیارێکی گۆڤاری گوڵانی داوەتەوە، کە تایبەت بوون بە دوایین کارە هونەرییەکانی خۆی لەگەڵ چەند پرسێکی تایبەت بە هونەری کوردی بە گشتی و ڕۆڵی باوکی لە سەرکەوتن و دەرکەوتنی و بۆ وەک پێویستیش بەرهەمی نییە.**



*** ئایا هونەری کوردی گەیشتووەتە ئەو ئاستەی هونەرمەند بتوانێت تەواوی کاتی خۆی بۆ تەرخان بکات؟**

- تا گەیشتن بەو ڕۆژە ڕێگەیەکی دوور و درێژمان لە پێشە. لە سەردەمێکدا کە کەلتووری کۆنسێرت بە شێوەی ئەوتۆ لە ناوماندا جێ نەکەوتووە، کاتێک وڵاتەکەمان شتێک بە ناوی یاسای کۆپیرایتی نییە، کاتێک ژێرخانی ئابووری وڵاتەکەمان ئەو جۆرەی پێویستە بەهێز نییە و مێشک و ڕەوانی کۆمەڵگە ئەو ئۆقرە و ئاسایشەی کە پێویستە نییەتی و ئیستانداری ژیانی مرۆڤەکانی کۆمەڵگەکەمان لە ئاستێکی بەرزدا نییە، ناتوانین چاودێری ئەوە بکەین کە هونەرمەند بتوانێت هەموو کاتی خۆی تەرخانی هونەرەکەی بکات و بتوانێت پێی بژی.

*** جاران گلەیی ئەوە هەبوو کە ئافرەتی هونەرمەند کەمە، کەچی ئێستا گلەیی لە زۆربوونیان دەکرێت هۆکارەکان چین؟**

- بە بۆچوونی من ژمارەی گۆرانیبێژانی ئافرەت بە بەراورد لەگەڵ گۆرانیبێژانی پیاودا زۆر کەمە و بۆ ئەوە نابێت گلەیی لە زۆربوونیان بکرێت. ئەگەر گلەییەک هەبێت لەوانە لە شێوازی دەرکەوتنی ئافرەتەکان بێت. لەم ساڵانەی دواییدا چەند خانمێکی هونەرمەند هەنگاویان ناوەتە ناو دنیای گۆرانی و شێوازێکی جیاواز لە شێوازەکانی ڕابردوویان بۆ پێشکەش کردنی هونەرەکەیان هەڵبژاردووە. هەندێک لە سەر ئەو بڕوایەن کە ئەم خانمانە نەریتە کۆنەکان دەخەنە ژێر مەترسییەوە. تا چەند ئەمە جێگەی ڕەخنەیە؟ ئەمە باسێکی جیاوازە و هەرکەس بیەوێ بۆچوون و بڕوا و ئایدۆلۆژیای خۆی لێکدانەوەی بۆ دەکات.

*** زۆر جار لە نێوان هونەرمەنداندا کێشە و ناکۆکی هەستی پێدەکرێت، ئەم دیاردەیە چۆن هەڵدەسەنگێنی؟**

- لە ڕاستیدا خۆم زۆر تێکەڵی ئەو فەوزایە نەکردووە و زۆر ئاگاداری نیم، بەڵام دڵنیام هەر هونەرمەندێک دڵسۆزی هونەر بێت پشتیوانی لە هونەرمەندە ڕاستەقینەکانیش دەکات و بە گەشەیان دەگەشێتەوە. هەرگیز نابێت بترسین لە درەوشانەوەی چراکان، چونکە دنیای ئێمە پێویستی بە هەزاران چرایە.

*** لە هەڵبژاردنی تێکست بۆ گۆرانیەکانت ڕاوێژ بە کەس دەکەی، یان ئەو تێکستەی بە دڵت بێت دەیکەی بە گۆرانی؟**

- کاتێک لە کۆمەڵگەیەکدا لە دایک دەبیت کە وەک تاکێک و وەک ژنێک ناچاری خەم و دڵەڕاوکێکانت، هەست و ئامانجەکانت سانسۆر بکەی و نەتوانی بە شێوەیەک کە خولیا و حەزی خۆتە ژیان بەسەر بەریت، کاتێک جیهانی دەوروبەر بە شێوەی ئەوتۆ لە جنس و شێوازی دڵەڕاوکێکانت



تێناگات، تێکستی گۆرانییەکانم ناتوانن کەمتەرخەم بن و هاواری ژنانی کۆمەڵگەکەم نەبن. هەردەم ڕەخنەم لە تابۆ و داب و نەریتە ڕزیوەکانی کۆمەڵگەکەم بووە و هەیە و نێوەڕۆکی شیعرەکان ڕەخنە لەو تابۆ و لەو بڤانە دەکا کە ئەمڕۆ منی کورد چ وەک تاکێک و چ وەک ژنێک لە گەڵی کێشەی ئەساسی و بنەڕەتیم هەیە. ئەم خاڵانە لە هەڵبژاردنی تێکستی گۆرانیەکانمدا گرنگی زۆریان هەیە. زۆربەی گۆرانییەکانم هۆنراوەکانی خۆمن و پاش بڵاوبوونەوەی بەرهەمەکانیش ڕێز دەگرم لەو ڕەخنە و تێبینیە زانستیانەی کە سەبارەت بە بەرهەمەکانم دەبێت و هەوڵ دەدەم بیانکەمە هەوێنی بەرهەمەکانی داهاتووم.

*** ژیانی باوکت چۆن لە سەر تۆ و هونەری تۆ ڕەنگی داوەتەوە؟**

- من لە ئامێزی دایک و باوکێکی شۆڕشگێڕدا چاوم بە ڕووی دنیا هەڵێناوە. باوکم دڵێکی هەیە بە ڕووناکی ئاوێنە، بە گەورەیی دەریاو بە پاکی عەشق. ساڵانێکی زۆری تەمەنی خۆی لە پێناو شۆڕش و خەباتدا دانا و پیرۆزترین ئاوات و ئامانجی گەیشتن بە کۆمەڵگەیەکی ئازاد و دیموکرات و بەرابەرە. هەموو هەست و بۆچوون و بیرکردنەوەی لەسەر بنەمای خۆشەویستی و بڕوا بە ئینسان و ئینسانییەتە. نێوانمان زۆر خۆشە و باوکم هەمیشە کۆڵەگە و پشتیوانی من بووە. هەمیشە وەک شێرەژنێک چاوی لێم کردووە و ڕێزی لێ گرتووم. ئەو تایبەتمەندیانەی کە لە کەسایەتی باوکمدا هەیە ئەو وانەی فێری کردووم کە هەرگیز لە بەرابەر زوڵم و نابەرابەریدا بێدەنگ نەبم، بڕوام بە خۆم بێت و ورەم بەرز بێت و هەردەم تێبکۆشم مرۆڤێکی بەکەڵک بم بۆ کۆمەڵگەکەم.

*** زۆر جار هونەرمەندان گلەیی لە هاوکاری نەکردنیان لەلایەن حکومەتەوە دەکەن، حکومەت چۆن هاوکاری هونەرمەندان دەکات؟**

- تا بە ئەمڕۆ وەک هونەرمەندێکی سەربەخۆ ئیشم کردووە و لەگەڵ ئەوەی سەبارەت بە ئیشە هونەرییەکانمەوە پێوەندییەکی ئەوتۆم لەگەڵ حکومەت نەبووە، بەداخەوە زۆر ئاگاداری بارودۆخ و وردەکارییەکانی ئەو هاوکارییانە نیم. هیوادارم کاربەدەستانی بەشی کەلتووری حکومەتی هەرێمی کوردستان تیشک بخەنە سەر ئەو بەرهەمانەی کە خاوەنی ئاستێکی بەرزی هونەرین و بایەخ بدەن بەو کەسانەی کە دڵسۆزی هونەری نەتەوەکەمانن. ئەگەر ئەوان پشتیوانی هونەرمەندی ڕاستەقینە بکەن بێگومان هونەری ڕاستەقینەیش دەخولقێ و گەشە دەکات.

*** هونەر چۆن دەبێتە هۆی وشیارکردنەوەی کۆمەڵگە لە دیاردە سلبییەکان؟**

- هونەرمەند وەک کەسێک کە پەیامی هونەر دەگەیەنێتە کۆمەڵگە پێویستە زانا، وشیار و وردبین بێت. ژیان تەفسیر بکات و لێکۆڵینەوە لە دنیای دەوروبەری بکات و دیاردە کۆمەڵایەتییەکان بێنێتە ژێر چاویلکەی ڕەخنەوە و جل و بەرگی بەیان بکاتە بەر هەست و ئەوین و هاوار و سکاڵای مرۆڤەکانی کۆمەڵگەکەی. هونەرێک کە بوێرانە خولقابێت و لەگەڵ خەڵک بە زمانی خۆیان بدوێت بێگومان دەتوانێت هونەرێکی سەرکەتوو بێت بە شێوازێکی شیاو ببێتە هۆی خۆلقاندنی ئاڵوگۆڕ و وشیار کردنەوەی بڕوا نووستوەکان.

*** تا چەند لە دوایین بەرهەمی خۆت ڕازیت؟**

- کاتێ چاو دەخشێنم بەسەر ڕابردووی هونەریی خۆمدا هەست بە شانازی دەکەم کە سەرەڕای هەمو سەختی و گیروگرفتێك کە لەسەر ڕێمدا بووە، تێکۆشەر و ماندوونەناسانە توانیومە بەرهەمەکانم پێشکەش بکەم. هەردەم شانازی دەکەم بە هەوڵوتێکۆشانی ڕۆژانی ڕابردووم و ڕازیم، بەڵام چاویش لە ئاست کەموکوڕییەکان داناپۆشم و هەرگیز نەمهێشتوە ڕازی بوونم ببێتە هۆی وەستانم لە تێکۆشان بەرەو داهاتوێکی باشتر و پڕ دەستکەوتتر.

*** ئێستا چی نوێت لە بەردەستدایە؟**

- لە ئێستادا سەرقاڵی تۆماری بەرهەمێکی نوێم و هەروەها لە خۆ ئامادەکردنم بۆ تۆماری بەرهەمەکانی ئەڵبۆمی داهاتووم.

*** وەک هونەرمەندێک پەیامی تۆ لە ژیاندا چییە؟**

- من ڕۆڵەی شۆڕشم و نەوەی سەردەمێکی ئاڵۆز. تامی تاڵی جودابیم چێشتوە و بیری بەرزی ئازادیم تێدا پەروەردە کراوە. ئەمن ژنم و قەڵەمم ژنانەیە و شیعرم نوێنەری هەستی ژنانەی خۆمە و ئاوێنەی ڕوانگەی خۆمە وەک ژنێک. دڵم هەردەم تامەزرۆی فڕین بەرەو ئاسمانێکی ڕووناکترە، ژیانم خۆش دەوێت بە هەموو پووچەڵیەکانییەوە. هیوا هەوێنی شیعرمە و بێزوو بە خولڨاندنی دنیایەکی پاکتر دەکەم. ئەمەیە پەیامی شیعر و گۆرانی من..

*** ئایا میدیا کوردییەکان توانیویانە تەکانێک بە هونەری کوردی بدەن یان بە پێچەوانەوە بوونەتە هۆی دواکەوتنی؟**

- میدیا و دەزگاکانی ڕاگەیاندن ڕۆڵێکی گرنگیان لە ئاشنا کردنی خەڵک بە هونەر و هونەرمەندی ڕاستەقینەدا هەیە. ئەوانن کە شێوازە جۆراوجۆرەکانی مۆسیقا دەخەنە مێشک و گوێی بینەر. بێگومان لەم ساڵانی ئەخیردا هەوڵ دراوە بەڵام هەوڵ و تێکۆشان و بەخەم بوونی زۆرتر پێویستە. هیوادارم هەمو کاربەدەستانی بەشی هونەری دەزگاکانی ڕاگەیاندن کەسانێکی زانیار و پسپۆر بن لە بوارەکەدا. ئێمە هەموومان ئەرکمان لەسەر شانە و نابێ بهێڵین شەرمە سار و شۆڕە ملی مێژو و داهاتووی هونەری نەتەوەکەمان بین.

*** بە نیاز نیت سەردانی کوردستان بکەیتەوە؟**

- گەڕانەوە بۆ نیشتمان هەردەم حەز و ئاواتمە. هیوادارم لە داهاتوودا بتوانم بگەڕێمەوە ئامێزی وڵات و گوڵی خۆشەویستی بدەم لە بەرۆکی جەماوەر و هەموو ئەو ئازیزانەی کە لەم ساڵانەدا بە میهرەبانییەکانیان پشتیوان و هاندەرم بوون.

# وێنەگرتنی (ڕەیحانە) کۆتایی هات

درامـــای «ڕەیحانــە» یەکێکــە لــەو درامایەنــەی لەنووســین و دەرهێنانی «لوقمان غەریــب» و لە بەرهەمهێنانی کوردســتان تیڤیە بۆماوەی سێ مانگە کاری وێنەگرتنی بۆ دەکرێت.
لــەم بارەیــەوە لوقمــان غەریــب وتی ناوەڕۆکــی درامــای «ڕەیحانە « باس لەکێشەو ململانێ خەڵك دەکات کە لەنێو شارێکە دووگرووپن کێشەیان هەیە لەسەر زەوی. هەروەها دوای ماوەیەکی تر کاری وێنەگرتنی تــەواو دەبێت ئینجا دەچێتە مۆنتاژ دواتر لەکوردستان تیڤی ڕێکلامی بۆدەکرێت ئینجا بڵاودەکرێتەوە.
لەبــارەی ئەکتەرەکانــەوە لوقمان وتی» زۆربەی ئەکتەرەکان هی شاری سلێمانین هەندێك هونەرمەندانی شــارەکانی تری کوردســتانیش بەشــدارن . دراماکەش لەشاری سلێمانی و دەوروبەری گیراوە .



## سیزار جاف :
## تاسەر ئێسقان ئاشق بووم



سیزار جاف نیشتەجێی هۆڵەندایە لەساڵی ٢٠٠٤ یەکەم گۆرانی خۆی تۆمارکردووە تاکوئێســتاش هــەر بەردەوامە تاکو ئێســتا ٢٨ گۆرانی هەیە لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت .هەروەها خاوەنی ٨ کلیپە و ئێستاش خەریکی ٢ کلیپی ترە .
ســیزار لەبارەی دوایین کارەکانی خۆی وتی « ئێســتا خەریکی کلیپ کردنی دوو گۆرانی نوێم هەروەها لەگەڵ هونەرمەند «ســۆران سەفیر « لەکلیپێکی ئەو بەشداریم کردوە وەکو ئەکتەر ئێستا کلیپێــك لەژێر تەواو بووندایە لەویش وەکو ئەکتەر بەشــداریم کردوە، بەڵام ئامێــری کەمانج ئەژەنم .هەروەها ڕۆژانە خەریکی کارو باری ســتۆدیۆم لەهۆڵەنــدە کــە یارمەتــی دەری بەڕێوەبــەری ستۆدیۆی «یاد میدیەم» کە کاری کلیپ کردن و تۆمارکردنــی گۆرانی بۆ گۆرانیبێژانی کوردو فارس ئەورووپی دەکن .
سیزار هەروەها دەربارەی ژیانی تایبەتی خۆی و دەڵێت «پەشیمانم بووم لەژیانمدا کەتاسەر ئێسقان ئاشــق بووم بەڵام ناوی ئەم ئاشقە بوو بە بێوەفا بۆیە منیش پەشیمان بووم لەم ئاشقە .

## هیلاری سوانك:
## هەژاریی یادگاری تاڵی بۆ جێهێشتووم

خانمە ئەکتەری ئەمریکی هیلاری ســوانك کە دوو جار خەڵاتی ئۆسکاری بەدەســتهێناوە رایگەیاند کەوا ژیانی منداڵییەتی پڕە لە یادگاری تاڵ و ناخۆش کە هەمیشــە لــە خەیاڵیدا دەمێنێتەوە و زەحمەتە بە ئاســانی بتوانێت لە یادیان بکات، هیلاری لە لێدوانێکیدا بۆ گۆڤاری (فۆگ) زیاتر وتی: زۆر لە دایك و باوکان ڕێگەیان نەدەدا منداڵەکانیان یاریــم لەگەڵدا بکەن، تەنیا لەبەر ئەوەی من لە خانەوادەیەکی هەژار و ســادە بووم، بۆیە منیش هەمیشە لەم واقیعە تاڵە رام دەکرد بۆ جیهانێکی خەیاڵی وەك ئەوەی لە فیلمەکاندا هەیە و پاڵەوانی فیلمەکان دەبوون بە هاوڕێی ئەوانەی زۆر بە باشی لە هەستی زوڵم دەگەیشتن، بۆیە ئێستاش من شەیدای ئەم جۆرە فیلمانەم.
دەربارەی ژیانی ئێستا و دەوڵەمەند بوونیشی دەڵێ: تا ئێســتا بە تەواوی باوەڕ ناکەم کە بوومەتە بەشێك لەم جیهانە، بۆیە ناکرێ هەمــوو کاتێك باس لەو بابەتە بکــەم و بگریم، چونکە ئەمە شــتێکە لــە خەیاڵەوە نزیکە.





# خانووەکەی جنێڤەر بە ٤٢ ملیۆن دۆلارە

ئەستێرەی سینەمایی ئەمریکی جنێڤەر ئەنیستۆن بڕیاریداوە خانووەکەی کە دەکەوێتە بێڤرلی هیلز بفرۆشێت و داوای بڕی ٤٢ ملیۆن دۆلار دەکات، ماڵپەڕی (بیبۆل)ی ئەمریکی لە چەند سەرچاوەیەکی کەرتی خانووبەرەی ئەمریکی رایگەیاند جنێڤەر بڕیاریداوە خانووەکەی بفرۆشێت، بەڵام تا ئێستا بە رەسمی نەخراوەتە مەزادەوە و تەنیا کەسانی بژاردە بۆیان هەیە بچنە نێو خانووەکەیەوە.

خانووەکەش لە یەك نهۆم پێکدێت و لە ساڵی ١٩٧٠ دروستکراوە و دەکەوێتە ناوچەیەکی بەرز لە بیڤرلی هێلز، بەڵام جنێڤەر پێش ماوەیەك رایگەیاند بوو کە دەیەوێ ژیانێکی ئاسوودە بژیت و بە ماڵپەڕی (بیبۆل)ی راگەیاند: پێویستە لەمەودوا بەشێوەیەکی سادە بژیم بۆیە خانووەکەم دەفرۆشم و دەمەوێ لە لۆس ئەنجلۆس دوور بکەومەوە و لە شوێنێکی بچووکی نیویۆرك بژیم.

# نیکۆل پشتیوانی لە گەلی میسر دەکات



خانمە هونەرمەندی لوبنانی نیکۆل سابا ئاهەنگێکی خۆی رەت کردەوە کە بڕیار وابوو لە ئەمریکا ئەنجامی بدات بۆ دەربڕینی هاوخەمی خۆی بۆ گەلی میسر و بارودۆخی ناهەمواری ئەو وڵاتە، بەڵام بە هیچ شێوەیەك لایەنگری خۆی بۆ ئۆپۆزسیۆن یان دەسەڵاتداران دەرنەبڕی و تەنیا هاوخەمی خۆی بۆ گەلی میسر نیشاندا.

شایەنی باسە نیکۆل سابا یەکێکە لەو هونەرمەندە لوبنانیانەی کە خاوەن جەماوەرێکی زۆرە لە میسر و لەگەڵ هونەرمەندە میسرییەکان، بەشداری لە چەندین فیلمی سینەمایی و زنجیرە دراما‌دا کردووە، کە بەناوبانگترینیان فیلمی ( التجربة الدانماركية) یە لەگەڵ هونەرمەند عادل ئیمامدا.

## پرشەنگ توانا:



# ئەوەی لە ڕەسەنایەتی دەرنەچێت داهێنانە

**پرشەنگ توانا یەکێکە لەو گۆرانیبێژە دەنگ خۆشانەی کە بوونی خۆی سەلماندووە لەنێو هونـەری کوردی، پرشـەنگ ئێستا لە وڵاتی سـوید ژیان بەسەر دەبات و خاوەنی چوار منداڵە، یەکێك لە کوڕەکانی لە کارە هونەرییەکانیدا بەردەوام هاوکاری دەکات. لەدیمانەیەك لەگەڵ گۆڤاری گوڵان بـاس لـەکارە هونەرییەکانی خـۆی دەکات، هەروەها هەندێك لایەنی تایبەتی ژیانی خۆشی ئاشکرا دەکات.**

**دیمانە:**
**رۆشنە عومەر**

***چ پەیامێکت هەیە بۆ خەڵکی سلێمانی کە ئێستا باری سلێمانی نالەبارە؟**

- پەیامی من ئەوەیە کە هەموو کوردێک وەک ئەرکێکی نەتەوایەتی و نیشتمانی، ئەو دەسـتکەوتانە بپارێـزن کە بە خوێنی هـەزاران شـەهید هاتوونەتـە بەرهەم، بە تایبەتـی ئەمـڕۆ کـە دوژمنانی کورد دەیانەوێت ئەو دەستکەوتانە لەباربەرن، بۆیە لەسـەر هەموو حزب و لایەنە سیاسییەکان پێویستە زمانی دیالۆگ بگرنەبەر. چونکە بە تەبایی و یەکڕیزی ماڵی کورد دەتوانین دەستکەوتی زیاتر بەدەست بێنین.

*** کوڕەکـەت ئاوازدانەرەو هاوسـەرەکەت تێکسـتەکانت بۆ هەڵدەبژێرێت، ئایا کەسی تـر هەیە لە خانەوادەکەت ئـاوا هاوکاریت بکات؟**

- لـە خێزانێکـدا هەر یـەک دوانێک هاریـکار دەبن، بەڵام هەمـوو خێزانەکەم هاندەرم بوون.

*** هونەر لای تۆ چی دەگەیەنێت؟**

- خۆشەویستی، ڕاسـتگۆیی، کەلتوور و ناسنامە.

*** پێتوایـە هونەرمەنـد لەکـوێ دەتوانن خزمەتی هونەری کوردی زیاتر بکەن؟**

- هونەرمەند لە هەر شوێنێکدا بێت دەتوانێ خزمەتی هونـەری کوردی بکات، ئەویش دەکەوێتە سەر ئەوەی تا چەند ئەو زەمینەی بۆ دەڕەخسێ.

*** کام گۆرانی وات لـێ دەکات بەردەوام شانازی بەخۆتەوە بکەی؟**

- ئەو گۆرانییەی کە جەماوەر زیاتر حەزی لێدەکات.

***حەز لەدەنگی چ گۆرانیبێژێک دەکەیت و کاریگەری چ گۆرانیبێژێکت لەسەرە؟**

- بەڕاستی گۆرانیبێژ زۆرن هەم لە کۆنەکان و تازەکانیش، بەڵام ئەوەی زۆر کاریگەری لەسـەر من هەبووە کە چەند جاری تریش ئاماژەم پێداوە وەکـو هونەرمەندان ڕەفیق چالاک، حەمەساڵح دیلان، عەلی مەردان، مریەم خان، کریم کابان ...تاد.

*** ئێستا کۆمەڵێک هونەرمەندی ئافرەت هەن خۆیان ڕووت دەکەنەوە و دەڵێن داهێنان دەکەین ڕای تۆ چییە بەرامبەر بەمە؟**

- بەلای منەوە داهێنان لە تێکست و ئاواز و موزیک و ئەدای باش دایە، بەمەرجێک



له ڕەسەنایەتی دەرنەچێت.

*** بەڕای تۆ ئاستی ڕۆشنبیری بۆ گۆرانیبێژی ئافرەت پێویستره یان جوانی؟**

- به پلەی یەکەم ئاستی ڕۆشنبیری زۆر گرنگە، جوانیش فاکتەرێکە له فاکتەرەکان.

*** لەکاتی گۆرانی وتندا هەست بەچی دەکەی؟**

- هەست بەو پەڕی خۆشی و ئارامی دەکەم و هەست دەکەم دەکەومە جیهانێکی ترەوە.

***پێشتر باسی ئەوەت کردبوو که کێشی لەشت دابەزێنی، تائێستا هیچ کێشت دابەزیوە؟**

- بەردەوامم له وەرزش و تا ئەو کاتەی بەو مەبەستەی خۆم دەگەم که دەمەوێ.

*** وەك دایکێك دوو ئەرکی لێك جیا، وەك کاتدانان بۆ کاری هونەری و پەروەردە کردنی منداڵ چەندە سەختە؟**

- هیچ شتێک سەخت نییە گەر بێتو کاتەکان دابەش بکرێت بۆ ئەوەی فریای هەموو بوارەکان بکەوی، بە تایبەتی پەروەردەکردنی منداڵ کە بەلای منەوە زۆر گرنگە.

*** حەز ناکەی منداڵەکانیشت ببن بەگۆرانیبێژ؟**

- من حەزیش بکەم که ببن به گۆرانیبێژ، بەڵام به حەزی من نییە، ئەوە دەکەوێتە سەر ئەوەی ئەو منداڵە حەزی له چییەو له چ بوارێکدا سەرکەوتوو دەبێت.

*** لەدیمانەیەك دەڵێی حەز لەزێڕناکەم با نەبم بە جامخانەی زەڕەنگەر مەبەستت چییە؟**

- مەبەستم لەوەیە که حەزم لەوە نییە زێڕێکی زۆرم پێوە بێت.

*** چ شتێك پڕ شەنگ نیگەران دەکات؟**

- درۆکردن.

*** چ یادگارییەکی خۆشت لەبواری هونەریدا هەیە؟**

- بواری هونەری هەموو یادگارەو یادگارییەکانیشی خۆشن.

*** باس لەدوایین پڕۆژەی هونەری خۆت بکە؟**

- پێشتر باسم له کلیپ و چەند گۆرانییەکی تازە کردووە و جارێ هەرئەو پڕۆژەیەم له بەردەستایە.